

پەیمان جومعە

یاریزانی تۆپی پێی یانەی گازی باکوور:

# رازینەبوونی خێزان بە وەرزشکردنی کچ کێشەیەکی گەورەیە



دیمانە: کارزان کانەبی

یانەی گازی باکووری شاری کەرکووک بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە کەوا باشترین کچانی شارەکەی کۆبکاتەوە و تیپێکی بەهێز دروست بکات، چونکە مێژووی شاری کەرکووک پڕە لە یاریزانی بەتوانا لە یاری تۆپی پێ، ئەمساڵیش تیپەکە لەسەر بەدەستهێنانی نازناوی خولەکە کێبڕکێ لەگەڵ سەرجەم تیپەکانی دیکە دەکات، یەکێک لە یاریزانانی تیپەکەش پەیمان جومعەیە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی شاری کەرکووک و قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە قۆناخی یەکەم، پێشووتریش لەیانەی ئافرەتانی کەرکووک یاری کردووە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو ئەویش وەڵامی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

***چۆن بوو لە نێوان ئەو هەموو وەرزشە خۆت لە نێو دنیای تۆپی پێ دۆزییەوە؟**

-ئەوە حەزێکی منداڵیم بووە و هەر لە تەمەنی منداڵیمدا حەز و ئارەزوویەکی زۆرم بۆ وەرزش هەبووە و بەهرەی وەرزشیم لە خۆمدا دۆزیوەتەوە و هەستیشم دەکرد لەم یارییە زیاتر سەرکەوتووترم.

***ئاستی یاری تۆپی پێی کچان لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-لە ئێستادا لە سەر ئاستی کوردستان لە نێو کچاندا تا رادەیەکی باش بەرەوپێش چووە لە چاو ساڵانی پێشووتر، ئەوەش ئەگەر وا بەردەوام بێت، ئاستی یارییەکە زیاتر بەرەو پێش دەچێت.

*** بۆچی کچانیش زیاتر روو لەم یارییە دەکەن؟**

- ئێستا زیاتر گرنگی دەدەن بە یاری تۆپی پێ و کردنەوەی چەند خولێکی جۆراوجۆر لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقیش هەیە، ئەوەش وای کردووە کچان زیاتر روو لەم یارییە بکەن لە شارەکانی کوردستان.

***بە بۆچوونی تۆ پێویستە چی بکرێت بۆ باشتربوونی رەوشی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

- پێویستە ئەو کەسانەی کە شوێن پەنجەیان دیارە لە بەرزکردنەوەی وەرزشی کچاندا زیاتر گرنگییان پێ بدرێت و زیاتر پاڵەوانیەتی بۆ یاری کچانی کورد بکرێتەوە و زیاتر هان بدرێن.

*** وەکو یاریزانێك گرفتی ئەم یارییە زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

- گرفتی زۆرمان هەیەو پێویستە چارەسەر بکرێت، یەك لەم گرفتانەش نەبوونی مووچەی باشە، هەروەها رازینەبوونی خێزانەکان بە وەرزشکردن و بەهرەی کچەکانیان کێشەی گەورەیە .

***بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە؟**

-هەوڵدەدەم لە داهاتوودا ببمە راهێنەرێك وەك ئەوەی خۆشتان دەیبینن راهێنەری ئافرەت زۆر کەمە لەناو ئێمەدا بۆ زیاتر پشتگیری کچە یاریزانەکانمان و بەرەوپێشچوونی وەرزش لە ناو ئافرەتدا پێویستمان بە راهێنەری ئافرەت هەیە.

***خەونی وەرزشیت وەك یاریزان چیە؟**

-من وەکو یاریزانێکی تۆپی پێ زۆر یارییەکەی خۆمم خۆشدەوێت و دەمەوێت زیاتر ئاستی خۆم بەرز بکەوە و زیاتر خزمەتی یانەکەم بکەم لە داهاتوودا.

***بە هیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانەکانی ئەم تیپە؟**

- بێگومان نەك من، زۆرێك لە یاریزانەکانی تریش ئەم هیوایە دەخوازن و شانازییە بۆمن کە ئەو شەرەفەم پێ بدرێت.

***خانەوادەکەت تاچەند هاوکارتن لە وەرزشکردن؟**

-زۆر سوپاس بۆ خانەوادەکەم و ئەو کەسانەی پاڵپشتم بوون لە وەرزشکردن و منیان پێگەیاندووە، بەتایبەتی باوکی خۆشەویستم بەردەوام هاوکاری کردووم.

***هیچ یانەیەك داوای گرێبەستی لێ نەکردوویت؟**

-نەخێر، چونکە من لەگەڵ گازی باکوور گرێبەستم کردووە.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا بیڵێیت؟**

- لێرەوە دەمەوێت زۆر سوپاسی ئێوە بکەم لە گۆڤاری گوڵان کە هەوڵ بۆ باشتربوونی وەرزشی کچان دەدەن و یارمەتییان دەدەن، هیوادارم وەرزشی کچان زیاتر گرنگی پێ بدرێت و زیاتر پێش بکەوێت.

# چێڵسی جێگرەوەی جۆن تێری دیاریکرد



## بۆنوچی گومان لەسەر داهاتووی دروست دەكات

یۆناردۆ بونوچی بە رەچەڵەك ئیتاڵی و بەرگریكاری یانەی یۆڤانتۆس بە لێدوانێك گومان لەسەر داهاتووی خۆی دروست دەكات، رەنگە ریزی خانمە پیرەكە لە وەرزی داهاتوودا جێبهێڵێت.

لە لێدوانێكیدا بۆ تۆڕی میدیا سێتی ئیتاڵی، بۆنوچی گوتی: من گرێبەستەكەم لەگەڵ یۆڤانتۆس تاكوو ساڵی ٢٠٢١ بەردەوامەو هەست بە گرنگیی خۆم دەكەم و هیچ كێشەیەكم نییە، وەرزی رابردووش چەندین گرێبەستم پێشكەش كراو دەمتوانی ریزی بیانكۆنێری جێبهێڵم.

بۆنوچی گومان لەسەر داهاتووی خۆی دروست دەكات و گوتی: لە ئێستادا خەریكم خۆم فێری زمانی ئینگلیزی و كەتەلۆنی دەكەم، كەس نازانێت لە داهاتوودا چی روودەدات، هەموو شتێك بۆی هەیە رووبدات.

رۆژنامەی سپۆرتی كەتەلۆنی لەسەر قسەكانی بۆنۆچی شیكاری خۆی كردو ئاشكرایكرد، كە بۆنوچی بەم لێدوانە دەرگای بە رووی یانەی بەرشلۆنەدا دەكاتەوە، بە دڵنیاییەوە یانە كەتەلۆنییەكە بە وردی چاودێری داهاتووی ئەو بەرگریكارە دەكەن و دەیانەوێت لە وەرزی داهاتوودا بیكڕن.

ئەنتۆنیۆ کۆنتی راهێنەری یانەی چێلسی ئینگلیزی، کالیدۆ کۆلیبالی یاریزانی یانەی ناپۆلی کردووەتە ئامانج و دەیەوێت وەك جێگرەوەی جۆن تێری پەلکێشی ریزی شینپۆشەکانی بکات.
وەرزی رابردوو ئیدارەی یانەکە بەنیازبوون گرێبەست لەگەڵ کۆلیبالی سەنیگالی و بەرگریکاری ئەو یانە ئیتاڵییە بکەن، بەڵام نرخی گرێبەستەکەی ٦٠ ملیۆن جونیەی ئیستەرلینی بوو، هەربۆیە کارەکە نەگەیشتە ئەنجام.
لەو کاتەی کاپیتانەکەی بلوز گرێبەستەکەی تەواو بوو، کۆنتی راهێنەر چاوی بڕیوەتە تواناکانی ئەو بەرگریکارەی ناپۆلی، چونکە ئاستێکی بەرز پێشکەش دەکات و توانا و خێراییەکی لە رادەبەدەری هەیە.
کۆلیبالی گرێبەستەکەی لەگەڵ ناپۆلی تا هاوینی ٢٠٢١ بەردەوام دەبێت، چونکە ساڵی رابردوو لەگەڵ یانە ئیتاڵییەکە گرێبەستەکەی نوێکردەوە.



## سانچێز لەبارەی مانەوەی لە ئەرسیناڵ بڕیاری کۆتایی دا



رۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی دووپاتی کردەوە، کە ئەلێکسیس سانچێزی ئەستێرەی یانەی ئەرسیناڵی ئینگلیزی دوابڕیاری خۆی داوەو وەرزی داهاتوو تۆپهاوێژەکان بەجێدەهێڵێت.
گرێبەستی سانچێز ساڵی داهاتوو تەواو دەبێت و ناوبراو ئاشکرایکردووە، کە بیری لەوە نەکردووەتەوە نوێی بکاتەوەو بڕیاری داوە ریزەکانی ئەو یانە لەندەنییە جێبهێڵێت.
پێوەندی نێوان سانچێز و ئارسین فینگەر راهێنەری یانەکە لەبارێکی زۆر خراپدایە لەم وەرزەدا، بۆیە ئەو یاریزانە چیلییە بڕیاری رۆیشتنی دا، بەڵام بەرپرسانی یانەکە رێگرییان لێکرد.
ئەلێکسیس لە بڕیارەکانی فینگەر نارازییە لەبەرئەوەی ماوەیەکە لەسەر کورسیی یەدەگ داینـاوەو وەك یاریزانی سەرەکی پشت بەتواناکانی نابەستێت، هەربۆیە ناوبراو بڕیاری رۆیشتنی داوە.
هەریەکە لە یانەکانی پاریس سان جێرمان فەڕەنسی و یۆڤانتۆسی ئیتاڵی گرێبەستیان پێشکەشی سانچێز کردووەو دەیانەوێت لە وەرزی داهاتوو پەلکێشی بکەن.



# کەرکووک گرفتی دارایی هەیە

یانەی کەرکووك ئەم وەرزەش گرفتی داراییەکەی بەردەوامەو هیچ کەس و لایەنێك لای لێ ناکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ لەسەر بەدەستهێنانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان شەڕی یانەکانی دیکە بکات. کەرکووکییەکان سوورن لەسەر ئەوەی بتوانن ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن، بەڵام بێ مووچەیی یاریزانەکانی هەراسان کردووە، هەرچەندە وادەی دەستپێکردنەوەی یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕینیش نزیك بۆتەوەو یاریزانانیش چاویان لەوەیە مووچەکانیان بگاتە گیرفانیان، لەم بارەشەوە دارەوان قادر راهێنەری تۆپی پێی یانەی کەرکووك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «گرفتی دارایی بەردەوامان هەیەو لەبڕی ئەوەی ئێمە سەرکەوتووین بۆ چوارگۆشەی زێڕین خەڵات بکرێین، کەچی مووچەی زیاتر لە دوو مانگمان وەرنەگرتووە، ئەوەش یاریزانانی تیپەکەمانی نیگەران کردووە، چونکە سەرجەم یانەکانی دیکە باری داراییان لە ئێمە باشترەو ئێمەش دەمانەوێ شتێك بە شتێك بکەین لە چوارگۆشەی زێڕین، هیواداریشم بەرپرسانی شارەکە هاوکاریی ئێمەش بکەن کە چاومان لەوەیە بتوانین نازناوێك بەدەست بهێنین، چونکە ئەوە خەونی ئێمەیە.





# هەولێر مانەوەی لە خولی عێراق مسۆگەر دەکات

هەرچەندە دەنگۆیەکی زۆر بڵاو بۆتەوە لە نێو شەقامی وەرزشی کوردستان و عێراق لە سەر دابەزینی یانەی وەرزشیی هەولێر لە خولی نایابی یانەکانی عێراقەوە بۆ پلە یەکی عێراق، ئەویش دوای ئەوە هات کە لەماوەی رابردوو بەهۆی بەکارهێنانی وشەی رەگەزپەرستی لەدژی کوردو کوردستان لە شاری نەجەف، یانەی هەولێر بەفەرمی داوای کشانەوەی لە خولەکەی لە فیدراسیۆنی تۆپی پێی عێراقی کرد، بۆ ئەوەی ئەمساڵ بڕیارەکەی قبوول بکات، ئێستا دەنگۆیەکی زۆر دروست بووە کە گوایە هەولێر جگە لە سزادانی بە ٢٥ملیۆن دینار، بۆ خولی پلە یەکی عێراقیش دابەزێندراوە، لەم بارەشەوە بێجان ئیبراهیم ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هیچ هەواڵێکی لەم جۆرە بوونی نییە و یانەی هەولێر گەرەنتی ئەوەی وەرگرتووە کەوا ئەمساڵ تەنیا بە کشانەوە بۆی هەژمار بکرێت و ساڵی داهاتوو بە گوڕوتینێکی دیکەوە دێنەوە نێو خولەکەو ئەو دەنگۆیانەش هەمووی رەتدەکەینەوە، ئەوانە تەنیا قسەی دەرەوەی یەکێتی تۆپی پێی عێراقین و ئێمە بەتەواوی قسەی خۆمان لەگەڵ یەکێتی تۆپی پێی عێراقی کردووە، بۆیە نە دابەزێندراوین و نە پارەشمان وەکو سزا لێ سەندراوە، ئەو دەنگۆیانە هەمووی دوورە لە راستی و هیچ شتێك کاریگەری لەسەر ئیدارەی یانەکەمان دروست ناکات و گوێ بەهیچ دەنگۆیەکی لەم جۆرەش ناگرین، ئێمە بەردەوام دەبین لە کاری خۆمان و بەرنامەی باشمان بۆ یانەکە لە وەرزی نوێی خولەکە دەبێت.

# شێروانە شەڕی بەدەستهێنانی نازناو دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی شێروانەی قەزای کەلار دوای سەرکەوتن بۆ یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕینی خولەکە ئێستا یاریزانانی تیپەکە بە گوڕوتینێکی زیاترەوە چوونەتە قۆناخێکی تازەوە، ئەویش هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی نازناوی خولەکەو رۆژانە خەریکی مەشق و راهێنانی خۆیانن، لەم بارەشەوە کاروان محەمەد راهێنەری یانەی شێروانە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێستا ئێمە خەریکی ئامادەکارییەکانین بۆ ئەنجامدانی یارییەکانی چوارگۆشەی زێڕینی خولەکەو سوپاسی ئیدارەی یانەکەمان دەکەین کە بەردەوامن لە پاڵپشتیکردنی ئێمە، ئێمەش هەوڵدەدەین کەوا لەئاست ئەو بەرپرسیاریەتییە بین و بتوانین کێبڕکێ لەگەڵ سەرجەم تیپەکانی تر بکەین.» گوتیشی: «هیچ گرفتێکمان نییەو تەنیا بیر لەوە دەکەینەوە چۆن بتوانین یارییەکان ئەنجام بدەین و خاڵی زۆر کۆبکەینەوە و بتوانین لە نازناوی ئەم وەرزە نزیك ببینەوە. تیپی شێروانەش تیپێکی لاو و بێ گرفتە و هەموو یاریزانەکان رۆژانە خەریکی مەشقێکی چڕن بۆ ئەوەی بتوانن ئامانجی ئەمساڵمان بپێکین و هاندەرانیش رۆڵی کاریگەریان دەبێت لە یارییەکان بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام پاڵپشتی تیپەکەی خۆیان بکەن، ئێمەش هەوڵدەدەین وەکو نوێنەری گەرمیانییەکان بتوانین شایستەی ئەوە بین کە بۆ یەکەمجار لە مێژوومان نازناوەکە بگەڕێنینەوە بۆ گەرمیان.»

